# ڕاپۆرتێک لە هەڵەبجەوە

## ئامادەکردنی: ستێفان یەرتین.

## وەرگێڕانی لە سویدییەوە: ئەمجەد شاکەلی.



هەڵەبجە بوو بە نیشانەیەک. بوو بە پرۆگرامێکی ڕادیۆیی، کە لەمەڕ چەکی کیمیایی بوو و نێوی لێ نرابوو، "لە یپپریسەوە تا هەڵەبجە". ئەوەی لە 16ی مارسی 1988دا لە هەڵەبجە ڕوویدا، هەر لە سەرەتاوە بە ڕووداوێکی مێژوویی گرنگ دانرا، بەڵام بە تەواویش بێ گیروگرفت و بێ کێشە نەبوو. بەکارهێنانی گازی سێناپ، لە لایەن ئەڵمانەکانەوە، دژ بە یپپرسی بەلژیکی لەساڵی 1915دا و بۆمبی ئەتۆمیی ئەمەریکی، دژ بە هیرۆشیما لە ساڵی 1945دا، لە یەک لایەنەوە لێکدەدرێنەوە. هەڵەبجە جودایە. لە پێش هەموو شتێکدا، لەبەر ئەوەی، شارەکە بوو بە قوربانیی دوو جەنگی یەکجار جیاواز: جەنگی نێوان عیراق و ڕێکخراوەکانی کوردی عیراق، کە کوردستانێکی ئازادیان دەوێت و جەنگێکی دیکە، کە لە نێوان ئێران و عیراقدایە. هەر بۆیەش، بە لایەنی کەمەوە 5000 کوردی مەدەنی لە هەڵەبجەدا بوون بە قوربانی. هەڵەبجە لە پێش هەموو شتێکدا بەشێک و ئەڵقەیەکە لە جەنگی عیراق-کورد، ئەو جەنگەی، کە زێتریش دەخایەنێت و دەرچە و چارەسەرێکی نادیار و تەماوی هەیە. بەڵام هۆی ئەوەی، کە هەڵەبجە بەو جۆرە، سەرنجی خەڵکی ڕاکێشا و خەڵکی وروژاند، ئەوەبوو، کە ئێران، وەک بەشێکی گرنگی جەنگی نێوان عیراق و ئێرانی دایە قەڵەم، کە تێیدا عیراق تاوانبار بکرێت و دابنرێت بەوەی، کە ژاری دژ بە خەڵکی مەدەنی بەکار هێناوە. لەبەر ئەوەش دەسگای جەنگیی ئێرانی،دەیان ڕۆژنامەوانی گەیاندە هەڵەبجە. کوردەکان لە ماوەی ساڵێکدا هەوڵیاندا، سەرنجی جیهان بەرانبەر بە جەنگی ژاراوی عیراق ڕابکێشن، بەڵام سەرنەکەوتن. ئێران چونکە دەستڕوویشتوو و خاوەن دارایی بوو، سەرکەوت. ڕۆژی 22ی مارس ئەمن لەوێ بووم، لە هەڵەبجە، ئەو ڕۆژە، دەیکردە ڕۆژی حەوتەمی دوای بۆمببارانە ژاراوییەکە. ئێمە، کە پەنجا ڕۆژنامەوانێک دەبووین، بە دوو هێلیکۆپتەری هیوی-بێڵ لە باختەرانەوە[1] بە سەر ئەو چیا بەرز و مەزنانەدا و بە درێژایی چەمێکدا بە نزمیی، فڕین و لە خوارەوە بەرەو هەڵەبجە هاتین و لە خوارەوەی ڕۆژاوای شارەکەوە، لەسەر لاپاڵێکی بەگیاداپۆشراو، لە تەنیشت گۆڕستانێکەوە، بە نێوی شەهیدان، نیشتینەوە. هێلیکۆپتەرەکان ئێمەیان داگرت و بۆ خۆیشیان زۆر بە خێرایی لە چاو بزربوون. دەسبەجێ زۆریی جموجووڵ و چالاکیی هێزیی هەوایی عیراقمان بۆ دەرکەوت. کە تەماشای هەڵەبجەمان کرد: کۆمەڵە خانوویەکی خۆڵەمێشی، کەوتبوونە نێوان چیا کەسکەکانەوە لە پشتەوە و دەشتاییەکی سەوز لە پێشەوە. ئەو دەشتاییە دادەچۆڕا و شۆڕدەبووەوە، تا دەگەیشتە زەریاچە سێگۆشەکەی دەبەندیخان، کە یەک میل[2] لەویوە دوورە. بە جووتە ئۆتۆمبیلێکی گەورە و بەرین، نێزیکەی 400 میترێک بەرەو قەراخ شاری هەڵەبجە براین. لەپڕ نموونەیەکی ئەوەمان بۆ دەرکەوت، کە سەفەرەکەمان لە لایەن ئێرانییەکانەوە، بە ڕێکوپێکی و

[1] باختەران، واتە: کرماشان.(وەرگێڕ).

[2] یەک میلی سویدی، دەکاتە 10 کیلۆمیتر.(وەرگێڕ).



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، ڕێکخراوە. من ناڵێم مەبەستی ئەوان، ئێرانییەکان، مەبەستێکی ناماقووڵ و ناجۆر بوو، بەڵام مرۆڤ دەبێ لە مەسەلەکە ئاگادار بێت. ئیدی لەوێ ئایەتوڵڵا حەکیم[3] بۆ خۆی، بە خۆ و بە مێزەرە ڕەشەکەیەوە، کە بە کۆمەڵێک پاسداری شۆڕشەوە حاتە درابوو، هات. حەکیم، قورئانخوێنە نەریتییەکەیشی بە شوێنەوە بوو. حەکیم ڕێگەی وێنەگرتنی دا و چەند ڕستەیەکی، لەبارەی ئەوەوە، کە هەڵەبجە دەبێ بەختەوەر بێت بەوەی، کە لە لایەن ئێرانەوە، ڕزگار کراوە، گوت.



## خانووەکان نەڕووخابوون:

حەکیم ڕێبەرایەتیی هەڵاتوو و پەنابەرە عیراقییەکان دەکات، کە لە ئێرانن و لە لایەن ئێرانییەکانیشەوە، بەرپرسیاریەتیی دیلە عیراقییەکانی، کە لە ئێرانن وەرگرتووە. حەکیم چیدابوو لە هەڵەبجە، ئەوە پاشان ڕوون دەبێتەوە. بە لای خانوویەکی سێ نهۆمیدا، کە دیوارەکانی پان و بەرین بوون، تێپەڕین. ئەو خانووە سەربازگەی عیراقی بووە. لەپڕ کەوتینە سەر شەقامێک، کە بە کۆمەڵ لاشەی لە سەر کەوتبوون. مرۆڤێک، یەکێکی دی و یەکێکی دیکە، یەکسەر بە لای ڕاستدا، لە لای پلیکانەیەکەوە، پیاوێک بە سەر کچە چکۆلانەکەیدا، کە ویستبووی بیپارێزێت یا بە پەلە هەڵیگرێت و بیباتە ماڵەوە، کەوتبوو و مردبوو. "پیرمحەمەد"، کە گەڕەکێکی شارەکەیە، دەکەوێتە قەراخی لای ژووری شارەوە. خانووەکان هەر وەک خۆیان مابوونەوە و لە هەموو لایەکیش، لاشەی مردوو، کە زۆرجاران بە چاوی کراوەوە دەبینران، کەوتبوون، بێ ئەوەی هیچ جێبرینیشیان پێوە دیار بێت. مانگاکان لە بەردەمی ماڵەکاندا، هەر بە بەستراوەیی و بە کۆمەڵ لەو ناوەدا کەوتبوون. پشیلەکان وا دەهاتنە بەرچاو، کە چێژ لە هەتاوی بەهاری کوردەواری وەردەگرن. خانووەکان لە دیوی دەرەوەوە نەڕووخابوون و زیانیان نەکەوتبوویێ. هیچ نیشانەیەکی بۆمبباران نەدەهاتە پێش چاو. دەرکە ئاسنینەکان، کە بە ئاستەم کرابوونەوە، خەرمانی لاشەی مرۆڤیان لە ڕاڕەو و حەوشەکاندا تا نێو ماڵەکان، لە پشتەوەی خۆیاندا شاردبووەوە. سەرم لە گوند و شاری تری کوردنشین دابوو، بەڵام هەرگیز سەرم بە ژووری ماڵاندا نەکردبوو. ئەمجارەیان وام کرد. هەمووانم بە مردوویەتی لە ژووری ماڵەکاندا دەبینین. مردنێکی بێ ئاژاوە، بێ شپرزەیی، بێ شڵەژان، بەڵام بە پەلە، لە ڕاستیشدا بە تەواوی نائاگایی و هەستپێنەکردنەوە. لەو دیمەنانەی، کە بە تایبەت، وەبیرم دێنەوە، ماڵێک، کە پیرەژنێک و گەنجەژنێک و حەوت منداڵی تێدا بوون. پاشتر لە دوکتۆرێکم بیست، کە ئەوانە تووشی گازی سیانید بوونە و بێ ئەوەی هەست بە هیچ بکەن، لە ماوەی بیست چرکەدا مردوون. لەوانەیە گەڕەکی پیرمحەمەد، بیری ئەوەی دابێتە ئێرانییەکان، کە شتێکی گەورە بکەن، بۆ ئاگادارکردنەوەی دەسگاکانی ڕاگەیاندن لە جیهاندا لەمەڕ هەڵەبجە. خانووەکان هەر وەک خۆیان بەپێوە بوون، چ ڕووخاو و داتەپیویان تێدا نەبوون. خەڵکەکە مردبوون و بووبوون بە لاشەی بێگیان، ڕەنگە بە گاز یا بە شتێکی دیکە مردبن. کەس لە هۆی مردنەکە دوودڵ نەبوو، کە چەشنە گازێکی ژاراوییە. لە خەڵکی شارەکە خۆی، زۆر کەس نەمابووەوە. مامەیەکی پیر، باسی ئەوەی بۆ کردین، کە چۆن لە ژێرزەوینێکدا، کە خۆی و تەواوی ئەندامانی

---

[3] ئایەتوڵڵا موحەممەد باقیر ئەلحەکیم(محمد باقر الحكيم)، سەرۆکی ئەنجومەنی بەرزی شۆڕشی ئیسلامی عیراقە، کە بۆ خۆی لە کۆماری ئیسلامی ئێران دادەنیشێت.(وەرگێڕ).



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خێزانەکەی خۆیان تێیدا حەشار دابوو، ئەو بە تەنێ، بە زیندوویەتی ماوەتەوە و تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی مردوون. کوڕێکی 14 ساڵان، کە بە لایدا تێپەڕین، بە بێدەنگی پەتوویەکی، لە سەر لاشەیەک لابرد. ئەو کارە، بە شێوەیەکی وا دەهاتە بەرچاو، کە هەموو ڕێکخرابێت، یا پێشتر ئامادە کرابێت. لە نێو مردووەکاندا لاشەی هیچ سەربازێکی تێدا نەبوو و کەمیشیان پیاو بوون. لە لای ژووری شارەکەوە یەکسەر، لە سەر ڕێگەی بەرایی گەڕەکی پیرمحەمەددا، گوریسێک دانرابوو و سەربازە ئێرانییەکان پاسەوانییان دەکرد، ئەوە بێگومان لەبەر ئەوە بوو، کە ڕێگە لە خەڵکی کوردی شارەکە بگرن و نەهێڵن بچنە نێو پیرمحەمەدەوە، بۆ ناشتنی مردووەکانیان، پێش ئەوەی جیهان ئەم بینینە کورت و چاوترووکان ئاسایە تۆمار بکات. ئێمەی ڕۆژنامەوانان، بە بێ هیچ نەخشە و پلانێک دەچووینە ماڵانەوە و دەردەچووین. ئێرانییەکی تارانی، کە جل و بەرگی مەدەنی دەبەردا بوو، لەگەڵماندا بوو، بەڵام ئێمە چ کەسێک، وەدووی خۆی نەدابووین و ڕێنیشاندەریشمان نەبوو. کە من ویستم بە سەر هەورازێکدا، کە کەسی نەگەیشتبوویێ، سەرکەوم، لەپڕ تووشی پاسدارێک بووم و لێنەگەڕا بەوێدا بڕۆم.



## چەندین قوربانی؟

مردووەکانی  نێو شار، بەڵگە بوون، بۆ بۆمببارانی ژاراوی و گرنگترین شتیش بوون، لە سەردانەکەی ئێمەدا. ئەو وێنانەی ئەوێ سەرنج و دیتنێکی مەزنیان ساز کرد. ئەوەی، کە ڕۆژنامەکان بە ڕوون و ئاشکرا ئارەزوویان دەکرد، ئەوە بوو، کە ژمارەی مردووەکانی هەڵەبجەیان، بۆ ساغ بووایەتەوە و بیانزانیبا چەندن. ئایا وەک یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، کە پێشتر ڕایگەیاندبوو 4000 بوون، یا وەک ئێرانییەکان، کە هەمان بەیانیی، لە باختەران بە ئێمەیان گوت 5000 بوون؟ هەر لەبەر ئەوەش بوو، زۆرێک  لەوانەی ئێمە، لاشەکانیان دەژمارد و پرسیاریشیان لەو کەسانە دەکرد، کە تووشیان دەبوون، کە لاشەی تر لە کوێ هەن!. ناوبەناو لە نێو شاردا، خەڵکمان تووش دەبوون. پیاوێک بە لاماندا تێدەپەڕی، چەند منداڵێک لە پشتی پەرژینەکەوە بوون. بە کوردی و عەرەبی و فارسییەکی تێکەڵ و پێکەڵ، هەوڵماندا هەندێ ڕاستییان لێ هەڵکرێنین. دەستەیەکی تەلەڤزیۆنی تورکی، کە لەگەڵماندا بوون، بەو ناوەدا دەسووڕانەوە، پرسیاری خەڵکی تورکیزانیان دەکرد، تا یەکێکی خەڵکی هەڵەبجەیان لێدەرپەڕی و گوتی: ئێمە کوردین، ئێمە تورک نین. بێگومان لە نێو ئێمەشدا، چاودێرێکی ئێرانی هەبوو، ئەرکی ئەوەبوو، ئاگادار بێت لەوەی، ئێمە چی دەبینین و بە نەرمییش ڕێبەرایەتیمان بکات. لای ئەو کابرایە ڕوونبوو، کە ڕۆژنامەوانەکان، لاشە دەژمێرن و هەرگیزیش نەیاندەتوانی بوونی 5000 مردوو جەخت بکەن. پێموایە ئەوەی پاشتر ڕوویدا، شتێکی لەناکاو بوو و بێ خۆئامادەکردن بوو بۆی. دوو لۆری پەیدابوون و ئێمەیان هەڵگرت و بردینیانین، بۆ گەڕانێک بەو دەوروبەر و گوزەرەدا. دەیانەویست پێشتر ئەوەمان پێشان بدەن، کە چۆن جەنگەکە ڕوویدابوو. عیراقییەکان لە ڕێگەدا بەرەو گوندی دوجەیلە، لەگەڵ ئێرانییەکاندا پێکیاندادابوو و کوژرابوون. بە درێژایی قەراخ ڕێگەکە، لاشەیەکی زۆری سەربازی عیراقی کەوتبوون. لەپڕ دراینە بەر تۆپ و گوللەتۆپ لە پێش و پشتمانەوە، دەکەوتنە سەر ڕێگەکە، برێک چاوەڕوان بووین، بۆ ئەوەی لەو گوللەبارانە دەرچین و بەرەو هەڵەبجە ئاژۆتمان و گەڕاینەوە. هەر پێش هەڵەبجە، یەکسەر شۆفێرەکان بەلای چەپدا وەرچەرخان و هەورازەڕێیەکی باریکی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پێچاوپێچمان گرتەبەر. بەرەو گوندی عەنەب ئاژۆتیان. ئەوەی لەوێ بینیمان، نە ڕێکخرابوو و نە پێشتریش ئامادە کرابوو. بە درێژایی ئەو ڕێگەیەی، کە پێیدا بەرەو عەنەب دەچووین، لە نێو چاڵ و قۆرت و مێرگ و پشت و پەنای دارەکاندا، لاشەی مردوومان دەدیت. ئەوان هەم بە ژار و هەم بە بۆمبی هێشوویی بریندار بووبوون و کوژرابوون. لە هەموو لایەک پەتوو و شتی ناوماڵ و کەلوپەل و سیپاڵ کەوتبوون. بێگومان ئەو خەڵکە بە خۆ و بە شتومەکیانەوە، لە هەڵەبجە، یا بەرەو هەڵەبجە، هەڵاتبوون و فڕۆکەی عیراقی پەلاماری دابوون و تەقەی لێ کردبوون و بۆمببارانی کردبوون. لە هەر جێگەیەک پێیان کرابوو، خۆیان شاردبووەوە و تووشی گازەکە هاتبوون. گوندی عەنەب دەکەوێتە هەمان ڕووکاری پیرمحەمەدەوە، بۆیە دەبێت هەمان پەڵەهەورەگاز بێت، کە ئەوانیشی گرتبێتەوە. لە دواییدا ئۆتۆمبیلەکان، لە دەشتێکی سەوزەلانیدا ڕاوەستان، کە 80 لاشەی کۆمەڵکراوی لێکەوتبوون و چاوەڕوانی بەکۆمەڵ ناشتن بوون، لە گۆڕی گەورە و کۆمەڵیدا. بۆ ئەو مەسەلەیەش پرس بە خومەینی کرابوو و ئەویش، لە فەتوایەکی تایبەتیدا و لەبەر خاتری ئەوانەی کە ماون، ڕێگەی دابوو مردووەکان، بێ نەریتی شۆردن و کفنکردن بنێژرێن. سەردانی عەنەب، مەزنیی کارەسات و لێقەومانەکەی، بۆ دەرخستین و گومان و دوودڵیی، مردنی هەزاران خەڵکی لا ڕەواندینەوە. دوای ئەوەی بە ئۆتۆمبیلەکان، جارەکی دی بەرەو ناوشار چووین و بە نێو بازاڕ و فرۆشگەکاندا، کە بە بۆمبی ئاسایی و نەریتی، بە تەواوی خاپوور کرابوون، ڕۆیشتین. ئەگەر پێشتر لەو شوێنەدا مردوو هەبووبن، کە بێگومان هەبوونە، ئەوا لابرابوون و دوورخرابوونەوە. پاشتر ماوەی چەند سەعاتێک، لە نێو مێرگێکدا، لە دەرەوەی هەڵەبجە، چاوەڕوانی هێلیکۆپتەرەکانمان دەکرد و بە ڕوونی ڕیزەتۆپێکی ئێرانییەکانمان دەدیت، کە بەرەوڕووی عیراقییەکان دانرابوون و هێزێکیش بە چەک و تۆپەوە، لە نێو هەڵەبجەدا خۆیان حەشار دابوو و ئەوانی دیکەش لە قەراخ زەریاچەکە بوون. هەر ئەو کاتە چەند فڕۆکەیەکی عیراقیش، بە سەر سەرماندا بەرەو ڕۆژهەڵات تێپەڕین. ڕۆژی پاشتر بۆمان دەرکەوت، ئەو فڕۆکانە بەرەو گوندەکانی نێو چیاکان چووبوون و بۆمبی گازیان پێ بووە. کاتێک لەوێ وەستابووین لە دوورەوە کۆمەڵە ژنێکمان بینی، منداڵێکیان لەگەڵ بوو بەرەو شار دەچوون. ئەوە گەورەترین تاقم بوون لە خەڵکی هەڵەبجە، کە لە تەواوی کاتی سەردانەکەماندا تووشی بووین. پێش ئەوەی سەردانی هەڵەبجە بکەین، لە تاران سەری نەخۆشخانەیەکمان دا، کە بریندار و لێقەوماوی هەڵەبجەی لێبوون. لەوێ بە دووردرێژی لەگەڵ بژیشکێکدا، لە بارەی ئەو ژارانەوە، کە بەکار هێنرابوون، دواین. لە ڕێگەدا بەرەو هەڵەبجە، لە باختەران لامان دا. برایەک بە نێوی شەفیق، کە پاسدار بوو لە بارەی جەنگەوە لە دەوروبەری دەربەندیخان بۆی باس کردین و زانیاریی داینێ. ڕۆژی دوای سەردانی هەڵەبجە، دەرفەتی ئەوەمان بۆ هەڵکەوت،گفتوگۆ لەگەڵ ئەو 25 ئەفسەرە عیراقییانەدا، کە لە هەڵەبجە بە دیل گیرابوون، بکەین و 3000 لە پیاوە یەخسیرەکانیش، کە گوێیان لە پەند و مۆچیارییەکانی حەکیم دەگرت، ببینین. هەمان کۆنە حەکیمی لەمەڕ خۆمان. لە دواییدا چاومان بە خەڕڕازی کەوت، کەگوتەبێژی لەشکرە و لە ماوەی 100 دەقیقەشدا ڕەفسەنجانیمان دیت. من لە تاران نوێنەرێکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیشم چاوپێکەوت. پاش هەمووان، تووشی سێ دوکتۆری بەلژیکی و هۆڵەندی هاتم، کە لە 25ی مارسدا سەردانی هەڵەبجەیان کردبوو. ئەوان پوختەیەکی ئەو دەرمانە کیمیاییانە و ئەو ژارانەی، کە لە هەڵەبجە بەکار هێنرابوون، بۆ ڕوون کردمەوە. ئێستا بە تەواوی ئاشکرایە، کە بە گازی سیانید و سێناپ، خەڵکی هەڵەبجە کوژراون. پرفێسسۆرێکی بەلژیکی بە نێوی"ئا. هەیندریکس"، باسی ئەوە دەکات، کە گازی تابوون و سارین و سوومان، کە هەرسێکەیان گازی دەمارن، بەکارهێنراون و ئەو لەو باوەڕەدایە، کە بێجگە لەوانەش ماددەیەکی میکرۆبایۆلۆژیش، کە زێتر پێی دەڵێن "زەردەباران" لەو تێکەڵاوەدا بەکار هاتووە و بە سەر هەڵەبجەدا کراوە. پسپۆڕێکی سوێدی بە نێوی "یووان سڤانتەسسۆن"، کە لە "F.O.A ئێف. ئوو. ئا"[4]دا کار دەکات دەڵێت، کە

F.O.A[4] : دەسگای توێژینەوەی بەرگری.(وەرگێڕ).



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گومان لە بەکارهێنانی گازی سیانید و سێناپ لە هەڵەبجەدا نییە، بەڵام ئەو بۆ خۆی گومانی لە بەکارهێنانی ژاری دەمار هەیە و دڵنیاشە لەوەی، کە زەردەبارانی لەگەڵ نەبووە. ئەوانەی بە سیانید دەمرن، لە ماوەی 30 چرکەدا، گیان لەدەست دەدەن. گازی سێناپ زێتر سەرەتاییە و سییەکان بریندار دەکات، کە ڕەنگە کوشندەیش بێت. لە زۆر حاڵەتیشدا تەنێ دەبێتە هۆی سووتان و تۆقلەی گەورەگەورە دروست دەکات. ئەوانەی بە زیندوویەتی دەگەنە نەخۆشخانە و دەرشێنەوە، زۆرجاران ڕزگاریان دەبێت. لە نەخۆشخانەیەکدا لە تاران، کە خەڵکی هەڵەبجەی وەردەگرت پێیان گوتم ئەگەر هەر زۆریش بووبێت و لایەنی زۆری بژمێرین، ئەوا لە 2%ی ئەو کەسانەی گەیشتوونەتە ئەوێ، مردوون. پاش ماوەیەکی کورت زۆریان ئیزن دران و نەخۆشخانەکەیان بەجێهێشت و پاشتر هەموو لە کامپ و ئۆردووگاکانی پەنابەران، لە دەرەوەی تاران کۆکرانەوە. ئەو کوردە عیراقییانەی خەڵکی ناوچەی هەڵەبجە، کە ژمارەیان 6000 کەس دەبوون، برابوون بۆ ئێران. زێتر بۆ تاران و هەندێکیشیان بۆ باختەران، سەختی و دژواری و ناخۆشییان پاشتر دەستپێدەکات. لە پێشدا بە تەواوی بۆ ئێمە ساغ نەبووبووەوە، کە بە ڕاستی لە هەڵەبجە چی ڕوویداوە. شتێکی هێندە ئاسان و ساکار، کە بزانین چ ڕۆژێک بۆمبارانە ژاراوییەکە ڕووی داوە، سەخت بوو. خەڵکانی جیاواز، کە پێوەندیان بە مەسەلەکەوە هەبوو، ڕۆژانی 16 و 17 و 18ی مارسیان دیاری دەکرد. ماوەیەک وامان زانی، هەموو ئەو ڕۆژانە و کەم کەم بۆمباران کراوە. لەو فیلمە ڤیدیۆییە ئێرانییەدا، کە لەگەڵ خۆمدا هێنامەوە بۆ ماڵ، ڕۆژی بۆمبارانەکە، بە هەینیی خوێناوی نێو دەبات. بەڵام ئێمە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کە ڕۆژی چوارشەممەی 16ی مارس، ڕۆژی بۆمبارانە ژاراوییە کوشندەکە بووە. پرسیارێکی دیکە ئەوە بوو، ئایا لە ڕاستیدا کێ شارەکەی گرت و عیراقییەکانی چەک کرد. ئێران لە پێشدا ڕایگەیاند، کە ئەوانەی پێیان دەڵێن، خەباتکارانی موسوڵمان، ڕاپەڕیون و شارەکەیان داوەتەدەست پاسدارانی شۆڕشەوە، کە هاتبوونە پێشەوە و نێزیکی شارەکەوە. یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان دەیگوت، کەوا لەو کاتەیدا، کە زانیویانە ئێرانییەکان بەڕێوەن و پێشتر خورماڵیان، کە تۆزێک سەرەوەی هەڵەبجە دەکەوێت، داگیرکردووە، پێشمەرگەکانی ئەوان لە ناوەوە شارەکەیان گرتووە. بەپێی زانیاریگەلێک، کە لە ئەفسەرە دیلە عیراقییەکان دەبیستران، وا دەردەکەوت، کە ئێران، عیراقییەکانی هێزی ناسراو، بە هێزی "بەدر"یشیان بەکارهێنابێت. واتە: عیراقییە پەنابەرەکانی ناو ئێران، یا ئەو دیلانەی چوونەتە پاڵ ئێران و دژ بە عیراق دەچنە جەنگەوە. ئێران ئەوانە بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی لە بڵندگۆکانەوە، ڕووی دەمیان بکەنە سەربازی عیراقی و بقیڕێنن، بۆ ئەوەی وایان لێ بکەن، بڕووخێن و ورە بەربدەن و خۆ بەدەستەوە بدەن. ڕێبەر و سەرکردەی ئەوانە ئایەتوڵڵا حەکیمە.



__پاشخانێکی سەربازیی:__

تاران بە مانۆرێکی سەربازیی زیرەکانە، لە 15ی مارسدا، دەستی بە ڕووداوەکان کرد. سەربازی کۆماندۆ بە نێو جۆگە و ڕێگەی ئاویی چکۆلەدا، خۆیان گەیاندە لای خوارووی زەریاچەی دەربەند و بێ ئەوەی کەس پێ بزانێت، گەیشتنە بەشی ژووروی زەریاچەکە. لەوێ ئەوان ڕێگە مەزنەکەی، کە لە سلێمانییەوە بۆ هەڵەبجە و خورماڵ و هەروەها بەرەو ئەو بەشەی ئێران، کە هێشتا بەدەست عیراقەوەیە و تا نێزیک شاری نەوسوود دەچێت، بڕی. لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەمان کاتیشدا ئێران بە هێزی تۆپەکانی، شاڵاوێکی نەریتی بردە سەر چیاکان. ئیدی لەبەر ئەوەی، ڕێگە بەرەو بەشەکانی دیکەی عیراق برابوو، عیراقییەکان شڵەژان و تێکچوون و پێشمەرگەش، لە گوندەکانی دەوروبەری هەڵەبجە و ئەوانەی، کە لە نێو شارەکەدا بوون، ئەو هەلەیان قۆستەوە و پەلاماری عیراقییەکانیان دا. لە بارەی جەنگی ڕاستەقینەوە، کە عیراقییەکان کردبێتیان، هیچ شتێکمان نەبیست، تەنێ هێندێ زانیاری نەبێت، لەمەڕ ئەوەی، کە هێندێ عیراقی، پاش زێتر لە شەو و ڕۆژێک خۆیان داوە بە دەستەوە. ئیدی هەڵەبجە کەوتە دەستی پێشمەرگە و زێتریش خەڵکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و چەند کەسێکی سیمبۆلیی پارتیی دیموکراتیی کوردستانی عیراق. ئیدی ئەو کاتە پاسدارانی شۆڕشیش گەیشتنە ئەوێ. لە بارەی ئەوەی، کە ئایا ئەو عیراقییانەی، ڕەدووی ئێرانییەکان کەوتبوون، فریای ئەوە کەوتبوون، لە جەنگدا ڕۆڵێک ببینن، ئێمە ئەوە نازانین، بەڵام بەلای کەمەوە ئەفسەرێکی عیراقی پێی گوتین، کە ئەو بۆ خۆی، خۆی داوەتە دەست ئێرانییەکانەوە. ئەگەر عیراقییەکان هەر لە سەرەتاوە، ئەو تاکتیک و ڕێبازە پرزەبر و توندوتیژەیان بۆ ڕووخاندن و کاولکردنی ئەو شار و گوندانەی کوردستان، کە دەکەوتنە دەست ئێرانییەکان، یا دەستی کوردەکان بەکارهێنابێت، ئەوا ئێستا دووهێندە هۆیان بەدەستەوەیە، کە ئەو کارە لەگەڵ هەڵەبجەدا بکەن. هەڵەبجە سێ جۆرە دەستە و تاقمی دوژمنی دژ بە سەددامی تێدا بوون. پاسداران، پێشمەرگە و عیراقییەکانی سەر بە حەکیم. واپێدەچوو ئێرانییەکان ماوەیەکی کەم لە هەڵەبجەدا بمێننەوە. ئەوان لە ژێر نیگا و تێڕوانینی گوماناویی خەڵکی شارەکەدا چووبوونە نێو شارەوە. لە فیلمێکدا، کە ئێرانییەکان خۆیان گرتبوویان، مرۆڤ ئەوە دەبینێت، کە کوردەکان بە درێژایی قەراخ شەقامەکاندا، بە چاوی گومان و چاودێریکەرەوە دەنۆڕنە ئێرانییەکان، نەک بە خۆشی و پێشوازی لێکردنەوە، وەک قسەکەرەکە لە فیلمەکەدا دەڵێت. کاتێک ئێمە سەردانی هەڵەبجەمان کرد، لە هیچ شوێنێکی نێو شار تاقمی زۆر و گەورەی ئێرانیی لێ نەبوو. ڕەنگە ئەوان لە نێو چاڵ و ژێرزەمیندا خۆیان شاردبێتەوە و دیار نەبن. بەڵام لە قوڵی ژوورەوە و بە درێژایی ڕێگەی سلێمانیدا، جەنگ بەردەوام بوو. 12ی ئەپریل، ئێرانییەکان هێرشێکی نوێیان دەستپێکرد، ئەمجارەیان بەرەو پێنجوێن، کە زۆر ژوورترە. بەلای ئێرانەوە، تراژیدیای هەڵەبجە، بەشێکە لە جەنگ لەگەڵ عیراقدا و بە تایبەتی و ڕوونتریش هەڕەشەیەکە لە شارە گەورەکانی ئێران. لە 29ی فێبریوەرییەوە 14 مووشەک(ڕاکێت)ی عیراقی لە تاراندا تەقیوەتەوە. ڕێبەرایەتیی ئێران لەوە دەترسێت، مووشەکەکان لەپڕ کەرەسەی جەنگیی کیمیاییان تێدا بێت. عیراق وەها مەترسی و دوودڵییەک بە درۆ ناخاتەوە، بە پێچەوانەوە وەزیری دەرەوەی عیراق، تاریق عەزیز، گوتبووی کە عیراق دەبێ هەموو چەشنە چەکێک لە جەنگدا بەکاربهێنێت. لە تاران و ئەسفەهانەوە، هەواڵی ئەوە دەگات، کە خەڵکی مەدەنی لە بارەی خۆپاراستنەوە لە چەکی کیمیایی، وانە و کەرەستەی خۆپاراستنیش وەردەگرن.



## تراژیدیایەکی کوردی:

هەڵەبجە بۆ کوردەکان شتێکی دیکەیە و زێتر ئاڵۆزە. شارەکە هێزێکی گەورە و زۆری عیراقی دەستی بە سەردا گرتبوو، بەڵام زۆربەی گوند و دەوروبەری هەڵەبجە، بە دەست پێشمەرگەی کوردەوە بوون. زۆر گوتە و قسە هەیە لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بارەی مەکۆ و بنکە و بارەگای هێز و ڕێکخراوە جیاوازەکانی کوردە عێراقییەکان و ئێرانییەکانەوە، لە باکووری هەڵەبجەدا. بەپێی ئەو بۆچوون و دیتنە کارەسات و لێقەومانی هەڵەبجە، گەلێک گەورە بووە، کە بە شێوەیەکی گشتیی جەنگێکی وا مەزن کەوتە ئەو ناوچەیەوە. خورماڵ و هەڵەبجە وێران کراون و هەموو ناوچەکەش بەر بۆبمبارانی عێراقی دەکەوێت. ڕەوشەکە بەو شێوەیەی پێشتری چاکتر و لەبارتر بوو، کاتێک، کە ناوچەکە تا ڕادەیەک ئازاد کرابوو و عێراقییەکان تەنیٓ لە شارەکان و سەر جادەکاندا هەبوون. بۆچی ئێران ئەو ناوچەیەی دەوروبەری دەربەندیخانی هەڵبژارد، بۆ ئەوەی ببێتە ناوچەیەکی جەنگیی گەرم؟ ڕەنگە وەک لە تاران لەم دواییەدا باس دەکرا، هۆی ئەوە بیٓ، کە لە بەرەی جەنگی باشوورەوە، زێتر پێشکەوتن ڕوونادات. بەسرە، ناتوانرێت بگیرێت، ئەوجا ئێران ئەوە هەڵدەبژێرێت، کە بە کاوەخۆ، بە نێو کوردستاندا بڕوات، چونکە بۆ ئێران کات هەیە. ئەوە عێراقە، کە ناتوانێت لە جەنگێکی درێژخایەندا بەردەوام بێت. ئەمە گۆڕانێکی ڕاستەقینە و کاریگەرە بۆ کوردستان و بەم بۆنەیەشەوە ئەمەی هەڵەبجە، ڕەنگە بە ڕاستی نیشانەی شوومی هەڕەشەی کارەسات و لێقەومانی پێوەبێت. ئەمە ڕەنگە سەرەتای جەنگی گەورەتر بێت، کە هەموو ناوچەکە بگرێتەوە و هەڕەشەی بۆمببارانکردنی ژاراوی ئاوەدانی لە دوای ئاوەدانی بێت، لە لایەن عێراقەوە، هەموویش لەبەر ئەوەی، کە دەکەوتنە بەردەست ئێران. ئەمەی کە ئێستا ڕوودەدات، ڕەنگە شتی دژوارتر و مەزنتریشی بەدوادا بێت بۆ تەواوی نەتەوەی کورد، بۆ خۆڕاگرتن لە بەرانبەر وەها هەڕەشەیەکدا، دەبیٓ یەکیەتییەکی کورد پێک بێت و گەشە بکات، نیشانەی ئەوەش هەیە، کە ئەو یەکیەتییە بەڕێوەیە.

* سەرچاوە: ئەم گوتارە لە ژمارە 13ی بەهار و هاوینی 1988ی گۆڤاری "Svensk-Kurdisk Journal" بڵاو کراوەتەوە و ڕۆژی 13ی ئەپریلی 1988یش، نووسەر بۆ خۆی لە سیمینارێکدا، کە کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد-کوردستان، لەمەڕ هەڵەبجە، لە شاری ستۆکهۆڵم، سازی کردبوو، خوێندییەوە. هاوینی 1988 کراوەتە کوردی.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com